سەید حەکیم: بابل شیاوە بۆ ئاوەی ببێتە پایتەختی شارستانیەت و سوود وەرگرتن لە شۆنەوار ناسیبەکەی

لەپارێزگای بابل، بەڕێز سەماحەتی سەید حەکیم سەرکی هاوپەیمانیتی هێزە نیشتمانیەکانی دەوڵەت چاوی بە بەڕێز عەلی تورکی پارێزگاری بابل و بەڕێز ئەسعەد ئەلمسلماوی سەرکی ئەنجومەنی پارێزگا کەوت لەگەڵ کۆمەڵێك لە ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگا و چەند پارلەمانتارێکی شارەکە و لەگەڵ چەندین بەڕێوبەری یەکە ئیداریەکان و سەرکردایەتیەکان و بەڕێوبەری هەندێك فەرمانگە کە ئامادەی دیدارەکە بوون.

بەڕێزیان ئاماژەی بۆدا کە ئەرکی هاوپەیمانی نەودەوڵەتی بە ڕووبەڕووبوونەوەی داعش لە کۆتایی نزیک دەبێتەوە، ئامێش بە پێیامی بوژانەوەی عێراق و شایەتحالی نەودەوڵەتی بێ دەزانێت، هەروەها سوپاس و پێزانینی خۆی بە هەموو ئەوانەی پاڵپشتی عێراقیان کرد لە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر دەربەی و ئاماژەی بۆدا کە بوونی هاوپەیمانیەکە واتای جەرک لە سەرپەرشتیکردنە بەسەر عێراقدا، و دەبێت کۆتایی بێت.

بەڕێزیان ستایشی مێژووی بابلی کرد و بە دەروازەی ناساندنی عێراقی زانی و ئاماژەی بۆدا کە عێراق کاریگەری ڕووداوەکانی ناوچەکەی لەسەر بووە، ئامێش بووتە هەی دابەزینی ئاستی بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی نەوتی عێراق، لەکاتێکدا نەوت 94%ی بودجە پێکدەهێنێت.

هەروەها داوای دابەزاندنی چاوەڕوانی و تەماحەکان لە قەناغی ئێستادا کرد، هەروەها گوتی ڕوونکردنەوەی سروشتی قەناغی ناوازە بەبە وروژاندنی ترس و دڵەڕاوکێ لای جەماوەر، ڕوونیشیکردەوە کە قەیرانێکە قەیرانی نەختینەیە و قەیرانی توانا و سامان نییە، بەڕێزیان ستایشی مێژووی بابلی کرد و بە دەروازەی ناساندنی عێراقی زانی و ئاماژەی بۆدا کە عێراق کاریگەری ڕووداوەکانی ناوچەکەی لەسەر بووە، ئامێش بووتە هەی دابەزینی ئاستی بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی نەوتی عێراق، لەکاتێکدا نەوت 94%ی بودجە پێکدەهێنێت.
..
بەڕێز حەکیم پێشبینی کۆتایی نزیکبوونەوەی قەیرانی ناوچەکەی کرد، بە لەبەرچاوگرتنی کاریگەریە زیانبەخشەکانی لەسەر ئابووری جیهانی، ئەو حکومەتە خەجێکانی بە ڕووخساری دەوڵەت بە هاووڵاتیانی وەسف کرد، ڕوونیشی کردەوە کە ئامە بناغەی فەلسەفەی لامەرکەزی ئیداریە: "خەڵکی مەککە بە باشترین شێوە ڕێگاکانی خێیان دەزانن".

هەروەها ئاماژەی بۆشکرد، لامەرکەزییەت هەندێکجار دەکەوێتە قوربانی بڕژەوەندییە کەسییەکان، هەندێکجاریش دەبێتە قوربانی میراتێکی ئیداریی قووڵ چەسپاو و مەرکەزی، ئاماژەی بۆشکرد، تێنەگەیشتن لە لامەرکەزییەت و هەندێک هەڵەی کاریگەری نەرێنی لەسەر ئەدای حکومەتە ناوخۆییەکان هەبووە...

بەڵێزیان داوای دابەشکردنی دەسەڵات و داهاتکانی کرد، دەستەاتی پێویستیان بە حکومەتە ناوخۆییەکان بەخشی، لە هەمان کاتدا جەختی لەسەر گرنگی دابەشکردنی دادپەروەرانەی داهاتکان کردوە بەبێ ئاوڕی هیچ یەک لایەنێک زاڵ بێت، مەرجی ئۆشی خستووتەوو، عێراقێکی بەهێز و هاوسەنگ پێویستی بە حکومەتێکی ناوەندی بەهێز و حکومەتی هەرێمایەتی بەهێز هەیە، هەروەها بەڵێزیان ئاماژەی بە پلانەکانی حکومەت کرد بۆ زیادکردنی توانای بەرهەمهێنانی نەوت، تیشکی خستە سەر گرنگی تێگەیشتن لە پێویستی عێراق بۆ وەبەرهێنانی بیانی و دامەزراندنی هاوبەشییەک کە بڕژەوەندییەکانی عێراق لە پێشینەی کارکانیدا بێت و بەشداری بکات لە زەرترین داهات و دەستپێکردنی ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان.

سەماحەتی داوای لە حکومەتە خۆجێیەکان کرد کە داهاتکانیان هەمەچەشن بکەن بۆ هێنانەدی شۆشی گەشەپێدان لە پارێزگاکان، ئاماژەی کردیش بۆ گرنگی وەبەرهێنان لە شوێنوارەکانی بابل کرد بۆ ئاوەی زەرترین داهات بەدەست بهێنن لە ڕێگەی چالاککردنی کەرتی گەشتیارییەوە، ناوبراو ئاماژەی بە ڕەبازی حکومەتی ئێستا کرد کە گرنگی بە پارێزگا تایبەتەکان دەدات بۆ دروستکردنی گەشەپێدانێکی گەورە لەوە، و دواتر گواستنەوەی بۆ پارێزگاکانی دیکە.

سەبارەت بە ماددە هەشبەرەکان، سەید حەکیم ئاگەیاند کە ماددە هەشبەرەکان "تیرۆرێکی بەدەنگ"ن، هەروەها ئامار و داتا هەیە کە پێویستیان بە گرنگیدانی جددی هەیە لە ڕێگەی هەشیاری و خەپاراستن و چارەسەرکردنەوە، لە هەمان کاتدا بازرگانەکان لە بەکارهێنەران لە ڕوانگەی پزیشکی و یاسایەوە جیا دەکەنەوە، هەمووان بۆ بەرپرسیار دەزانن لە چارەسەرکردنی ئاو پرسە..
.
لەکۆتاییدا سەماحەتی داوای کرد بابل بکرێتە پارێزگای شارستانیەت بەهێی ناسنامەی بەماوەیی شارستانیەت و دەرکەوتنی، پاشان باسی دەستپێشخەری بابل دەکەن بۆ ناوی (بابل مۆزوو و شارستانیەت) و گرنگی بەدواچوونی بۆگەکانی لۆگۆ دەفەکانی لەوانە دروستکردنی شارێکی بابلی تازە و جەختی لەسەر گرنگی ئازایەتی و بۆیاردان بگرن.